ژمارە: ١٠٢٢٥
ڕێکەوت: ٢٢/ جۆزەردان /٢٧١٤ کوردی

No:
Date: ٢٠١٤ / ٦ / ١٢

## بۆ / ب. گشتی پەروەردەی / هەولێر/ دهۆك/ سلێمانی/ گەرمیان

### ب/دەرماڵەی مەترسی

بەهاوپێچی نووسـراوماندا وێنـەی ڕێنمـایی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری / ب. گشـتی ژمێرکـاری / ب. دیراسات و لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون/ژمارە (١٠) کە بە نووسراویان ژمارە (٤٧١٠) لـە ٢٠١٤/٦/٩ پێمـان گەیشتووە بۆتـان ڕەوانە دەکەین بۆ کارکردن بە ناوەرۆکەکەی وە ڕەچاوکردنی بڕگەی سێ یەم سەبارەت بـە ئەوانـەی بڕوانامـەی بکـالۆریۆس لـە( بەشی یاسا ) یان بە دەست هێناوە و لە پسپۆڕی خۆی کار ناکەن دەرماڵەی مەترسی بە ڕێژەی (٢٠٪) کـە لـە بڕگـەی سـێ یـەمی ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی٢٠١١ داهاتووە لە پاش ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/١ بۆیان خەرج ناکرێت .... لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ**

وێنەی نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب. گشتی ژمێرکاری / ب. دیراسات و لێکۆڵینەوە و بە دوا داچوون/ژمارە (٤٧١٠) لە ٢٠١٤/٦/٩.
وێنەی نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب. گشتی ژمێرکاری / ب. دیراسات و لێکۆڵینەوە و بە دوا داچوون/ژمارە (٧٨٥٥) لە ٢٠١١/٤/٢٨.

برهان عبدالله عادل
بەڕێوەبەری گشتی دیوان

وێنەیەك بۆ:-

- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گ.بوودجە/ب.میلاکات/نووسراوتان لە سەرەوە...لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گ.ژمێرکاری /ب.دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون /لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرە گشتی یەکانی دیوانی وەزارەت.
- ب. گشتی پەیمانگاکان و مەشق کردن / بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە و ئاگادارکردنی گشت پەیمانگاکان... لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.پ. کەرکوك/خوێندنی کوردی/بۆهەمان مەبەستی سەرەوە/لەگەڵ ڕێزدا .
- ب. چاپخانەی هەولێر / سلێمانی / بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە / لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب. TV. پەروەردەی / بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ی.بەڕێوەبەری گشتی .
- ب. میلاکات/ لەگەڵ هاوپێچ ./
- ب.یاسا / لەگەڵ وێنەی هاوپێچ.
- گشت بەڕێوەبەرایەتی یەکانی دیوانی وەزارەت.
- خــولاو .

٢٠١٤/٦/١١

لـــوزان

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
پ / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

ژمارە: ٩/٤ / ٤٧١٠ ڕێکەوت/ ٢٩ جۆزەردان / ٢٧١٣ کوردی ڕێکەوت/ ٩ / ٦ / ٢٠١٤

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٠ )

**بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ دەرماڵەی مەترسی**

ئاماژە بە مادەی (١٣) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (٢٢) ی ساڵی /٢٠٠٨ ی حکومەتی عیراقی فیدراڵ و ڕێنمایەکانمان ژمارە (١٩) ی ساڵی /٢٠١٠ و (١٠) ی ساڵی /٢٠١١ ئەم ڕوونکردنەوەتان ئاراستە دەکەین بە مەبەستی پەیرەوکردنی :-

یەکەم // دەرماڵەی مەترسی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ڕێنماییمان ژمارە (١٠)ی ساڵی /٢٠١١ خەرج دەکرێت بە مەرجێک :-

١- پێویستە دامەزراندنی لە سەر بنەمای بڕوانامەی زانکۆیی (بکالوریوس) لە یاسا بێت .

٢- پێویستە فەرمانبەر دامەزرابێت بە ناونیشانی یاسایی (یاریدەدەری یاسایی) و پلە بەندییەکانی یاسایی (یاسایی - مشوەرەتکاری یاریدەدەری یاسایی / مشوەرەتکاری یاسایی / مشوەرەتکاری یاسایی پێشکەوتوو / تاوەکو وەزیفەی ڕاوێژکاری یاسایی یاریدەدەر کە دەکەوێتە پلە دووی خشتەی مووچە) .

٣- پێویستە لە فەرمانگە یان بەشە یاساییەکان کار بکات .

٤- پێویستە بە کردەیی (فعلي) لە بواری پسپۆری یاساییدا کار بکات .

دووەم // ئەو فەرمانبەرانەی کە بە بڕوانامەی (پەیمانگا و ئامادەیی و هتد ... ) دادەمەزرێن و دواتر بڕوانامەی زانکۆیی لە یاسا بە دەست دێنن بۆ خەرج کردنی ئەم دەرماڵەیە پێویستە مەرجەکانی ناونیشانی هاتوو لە بڕگەی (٢) و بڕگەکانی (٣و٤) ی خاڵی یەکەمی سەرەوەیان لە سەر جێ بەجێ بکرێت .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068 – 2560069 – 2528254

٢٠١٤/٥/٢٨ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

سێ یەم // پاڵپشت بە ڕێنماییمان ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٠/ ، کار بە برگە (سێ یەمی) ڕێنماییمان ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١١/ نەکرێت و هەڵوەشێنرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کار پێ ی کردنی لە بەرواری ٢٠١٤/٥/١ دوە ... لە گەڵ ڕێزدا .

ڕەشید تاهیر حەسەن
بریکاری وەزارەت
بە وەکالەت

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ ف - ك - کارگێری و دارایی /بۆ ئاگاداریتان.. لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / میلاکات / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر ١و٢ / دهۆك /( ١و٢و٣) ی سلێمانی /ئاکرێ / سۆران / زاخۆ / کۆیە / گەرمیان / ئامێدی / ڕاپەرین / چەمچەماڵ /بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە.
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .

حکومة اقلیم کوردستان-العراق
وزارة المالیة والاقتصاد
مدیریة المالیة العامة

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژ/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

Kurdistan Region Government - Iraq
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Finance

بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی سۆران
« هاتوو »

ژمارە: ٩/٧/١٨٥٥ رێکەوت/ ٨ / گوڵان ٢٧١١ کوردی ٢٠١١/ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٠ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ دەرماڵەی مەترسی

پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە /٣٢٢٥ لە ١١/٣/٢٨ ،

بڕیاردرا بە خەرج کردنی دەرماڵەی مەترسی بەم شێوەی خوارەوە :-

**یەکەم //**

خەرج کردنی ڕێژەی (٥٠٪) ی مووچە بۆ :-

أ- دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد .

ب - سەرجەم فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری بە گشت دادگا و دام و دەزگا دادوەرییەکانیەوە .

ج - سەرجەم فەرمانبەرانی سەر بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و فەرمانبەرانی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی و فەرمانگەکانیان .

د- لێکۆڵەرەوانی دادی سەرپشك دەبن لە هەڵبژاردنی ئەم دەرماڵەیە یان ئەو دەرماڵە مەترسییەی کە پێشـ پێیان بەخشراوە کامیان باشتربوو .

**دووەم //**

خەرج کردنی دەرماڵەی مەترسی بە ڕێژەی (٣٠٪) لە مووچەی بنەرەتی بۆ فەرمانبەرانی خاوەنی بڕوانامە زانکۆیی لە یاسا و هاوتەکەی (ماف و یاسا) کە تەنها لە بەشە یاساییەکانی سەرجەم دام و دەزگا و وەزارەت فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە فیعلی لە بواری پسپۆری یاسایی خۆیان کاردەکەن یان نوێنەرایەتی دەک لە داوا حکومیەکاندا جگە لەوانەی لە بڕگەی ( یەکەم ) ی سەرەوە هاتوون .

**سێ یەم //**

خەرج کردنی دەرماڵەی مەترسی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە مووچەی بنەرەت بۆ فەرمانبەرانی خاوەن بڕوانام زانکۆیی لە یاسا یان هاوتاکەی (ماف و یاسا) و ئەو فەرمانبەرانی بڕگەی (یەکەم و دووەم) ی سەرەوە ناگرێتەو

Beside Sami Abdulrahman Park
528254-2542011
مهام/٢٠١١/٤/١٩
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٢٨٢٥٤-٢٥٤٢٠١١

**چوارەم //**

أ- دەرماڵەی مەترسی خاڵەکانی سەرەوە تەنها فەرمانبەرانی پلە (١) و بەرەوخوار دەگرێتەوە و پلە تایبەتەکان ناگرێتەوە .

ب - دەرماڵەی مەترسی خاڵەکانی سەرەوە خاوەن بڕوانامە باڵاکانی ماستەر و دکتۆرا ناگرێتەوە ئەوانەی دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی وەردەگرن لە وەزارەتەکانی پەروەردە و ئەوقاف .

ج - مامۆستا و فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم دەرماڵەیە نایانگرێتەوە .

**پێنجەم //**

بۆ خەرج کردنی ئەم دەرماڵەیە لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتەکاندا رەچاوی برگە (٤) ی رێنمایی داراییمان ژمارە (٨) ی ساڵی /٢٠٠٩ بکرێت کە بە نووسراومان /٣٨٩٤ لە ٢٠٠٩/٣/١٦ گشتێنراوە .

**شەشەم //**

دوو دەرماڵەی مەترسی بەیەکەوە خەرج ناکرێت .

**حەفتەم //**

نابێت کۆی گشتی دەرماڵەکان لە رێژەی (٢٠٠٪) ی مووچە تێپەربکات .

**هەشتەم //**

ئەم رێنماییە لە بەرواری ٢٠١١/١/١ دوە کاری پێ دەکرێت .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ رێزدا.

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف - ك - کارگێری و دارایی/ ئاماژە بە بڕیاری سەرەوەتان /بۆ زانین ... لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.دارایی (س) / ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش لە رۆژی ٢٠١١/٤/١٨ / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ رێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ رێزدا .
- بەرێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/سۆران/ئاکرێ /زاخۆ/کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .